ئێوەی کورد، نێردراون بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی بمرن

لە زۆر رووەوە، بارودۆخی نێو قەلای دهۆک، زۆر پیسترببوو لە نێوەندەکانی دیکەی وەک تۆپزاوا. سەرنجڕاکێشترینیان ئەوە بوو، نان و خواردنیان نەئەدا بە دیلەکان، لە حەوشەی قەلا، تانکی و بەرمیلی ئاوخواردن دانرابوون کە نێوەکانیان زۆر پیس بوون و، لەبەر تینی هەتاودا گەرم داهاتبوون، لەگەڵ ئەوەشدا دیلەکان، بۆ ئەوەی لەدەست تینوێتیی رزگاریان بێ، بەو ئاوە گەرم و پیسەش رازی بوون، بەلام سەربازەکان رێگەیان نەدەدان ئاوی گەرمیش بخۆنەوە. کاتێ دیلەکان داوایان لە سەربازەکان دەکرد کە رێگە بدەن پێیان ئاو بخۆنەوە، لە وەرامیاندا دەیانگوت: "ئێوەی کورد نێردراون بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی بمرن!"

هەندێ جار بەزەیی پۆلیس و سەربازێکی رژێم، رووتێدەکردن، بۆ نموونە، جارێک پاسەوانێکی کورد، دوو توورەکە نانی لە حەوشەکەدا رۆکرد، منداڵەبزێوەکان زووتر لەوانی دی خۆیان گەیاندە نانەکە و کردیانە پاڵەپەستۆ و نانەکەیان لەدەم و گیرفانیان ئاخنی. زۆربەی منداڵ و لاوەکان تووشی برسێتی و نەخۆشی ببوون. بەپێی سەرچاوەیەک، لەماوەی دوو رۆژی یەکەمدا، بیست و یەک کەس مردن. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و رۆژ، دیلە بەتەمەکان دەیانتوانی نان و خواردن لە گاردەکان بکڕن. پاش ماوەیەک، ژن و منداڵ و لاوان و پیاوانی تەمەن نێونجییان گواستەوە و، بەتەنێ پیاوانی پیر و بەساڵاچووی لێمایەوە و ئیدی دەزگەی ئەمن گوشاری برسێتی و ئازاردانی لەسەر پیرەکان کەمکردەوە و، بەرە بەرە هێندێ کەسوکاریشیان بۆ ماوەیەکی کورت رێگەیاندەدرا سەردانیان بکەن. دیلەکان خۆیان دەکرد بەنێو تەلەدڕکاوییەکاندا بۆ هەڵگرتنەوە و کۆکردنەوەی نایلۆنی گەورەی خواردن کە خەڵکی دهۆک لەکاتی سەردانیاندا بۆیان بەجێدەهێشتن.

سەبارەت بە دیلە لاوەکان، دڕندەیی پاسەوانەکان لەوپەڕی خۆیدابوو. لێدان و ئەشکەنجەکردن و سووکایەتیپێکردن وەک کارێکی ئاسایی رۆژانەی لێهاتبوو. دیلەتازەکان هەر لەگەڵ هاتنیان، بە بینینی پەڵەی خوێن لەسەر زەوی و دیوارەکانەوە، تێدەگەیشتن، بۆ چ قەساوخانەیەکی سامناکیان هێناون. هەر ژنێ هەوڵیبدایە سەردانی مێردەکەی لە نهۆمی خوارەوەی قەلا بکات، بە لێدانی قەمچی و شەق و زللە دەیانگێڕایەوە. سەربازەکان کە هەموویان عەرەب بوون، گەلێک جار، بۆ لێدانی دیلەکان، "داس"ی دروێنەکردنیان بەکاردێنا. پیاوێکی گەنجی قەڵەو و بەکێش قورس، هێندەیان دابوولێی تا لەهۆش خۆی چووبوو، ئەوجا فڕێیاندابووە نێو ئۆتۆمۆبیلێکی ڤۆلۆکس واگۆنەوە و بردرایە دەرەوە. ئەو پیاوە جارێکی دیکە نەبینرایەوە. هەندێ جار، خەڵکانی دیکە لە حەوشەکەدا بە عەموود دەبەسترانەوە، بە بلۆکی چیمەنتۆ دەیاندا بە لەش و سەروچاویانەوە و، سەرولووتیان پان دەکردنەوە. پیاوێکی پیری نێوچەی "ئامێدی"ی گوتی: "بەچاوی خۆم، ئەفسەرەکانم بینی کە بە بلۆکێکی ئاوها، پیاوێکی گەنجیان کوشت. گریام و لە خودێ پاڕامەوە کە هەموومان رزگار بکات!".

جارێکی دی، یەکێک لە دیلەکان، سەرباز و ئەفسەرەکانی بینیبوو، بە نۆرە دەیاندا لە دوانزە پیاوی گەنجی کورد. پیاوە گەنجەکان هەموویان جلی پێشمەرگەیەتییان لەبەردا بوو. سەرباز و ئەفسەرەکان دەیانقیڕاند و جنێویان دەداپێیان و دەیانگوت: "ئێوە شەرم ناکەن تێکدەرن، هەی کەر، هەی کوڕی سەگینە...!". دواتر شایەتەکە، لاشەی خوێناویی ١٢ پیاوە گەنجەکەی بینیبوو کە پاسەوانەکان لاشەکانیان راکێشان و لایانبردن. یەکێک لە پاسەوانەکان بە شایەتەکەی گوتبوو: "ئەوانە پێشمەرگە بوون، چەند کەسیان تەسلیم ببوونەوە و، ئەوانی دیکەشیان هلیکۆپتەر لە چیای مەتین گرتبوونی".

پیاوێکی گەنجی دیکە، کە لە دهۆک دارتاش بووە، زانیبووی کە باوکی هاوڕێیەکی لەنێو گیراوەکانی قەلاکەدایە. بەخێرایی بە توورەکەنان و ترێوە خۆی کردبوو بەوێدا. لەبەر قاپی قەلاکە، داوا لە بەکرێگیراوەکان دەکا، رێگەیبدەن بچێتە ژوورەوە. پاسەوانێک دەپرسێ لێی: "چۆن دەتوانی بچیتەژوورێ؟ تێتهەڵدەدرێ. با پێشانتدەم چی بەسەر خەڵکی نێو قەلاکە هاتووە!". پاسەوانەکە، دارتاشەکە دەبات بۆ بەشێکی نزمی زەوییەکە لە دەرەوەی قەلاکە و ئیشارەت بە خوێنی رژاو و پەڵەی جیاجیای خوێن دەکا لەسەر زەوی رژاوە و هەندێ شت کە لە مێشکی مرۆڤ دەچوون. ئەوجا دەڵێ: ئەمانە پاشماوەی خوێنی رژاوی خەڵکی